هەرێمی کوردستان/عێراق
ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/العراق
مجلس الوزراء

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١١٩) لە ٢٠١٧/١١/٢٠

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی کرێ و ڕسوومات و سزا داراییەکانی تایبەت بە بواری تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و بریکارنامە بازرگانییەکان لە هەرێمی کوردستان، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە نووسراویان ژمارە (٢٣٧٠) لە ٢٠١٧/٧/١٧، و لە پێناوی کارئاسانی بۆ دامەزراندن و تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و بریکارە بازرگانییەکان لە هەرێمی کوردستان بە تێچوویەکی گونجاو و پرۆسەیەکی ئاسان دوور لە ڕۆتین بە ڕەچاوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییە کارپێکراوەکان لەم بوارە، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٥) لە بەرواری ٢٠١٧/١١/٢٠، بڕیاردرا بە هەموارکردنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٨) لە ڕۆژی ٢٠١٦/٥/٢ بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. هەموارکردنی خشتەی ڕەسمەکانی هاوپێچی یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو، و پشتبەست بە ماددەی (٢٠٩) لە یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو، و بەپێی خشتەی ژمارە (١)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە بە ناونیشانی (خشتەی ڕەسمەکانی یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو) هاتووە کە لە (١٣) سیانزە بڕگە پێکهاتووە و بە بڕگەی ژمارە (١) (تۆمارکردنی کۆمپانیای خۆماڵی) دەست پێدەکات و بە بڕگەی ژمارە (١٣) (ڕاستاندنی تۆماری پێشکەشکراو) کۆتایی دێت.

٢. فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان سەر بە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کرێی پێویست وەردەگرێت لە کۆمپانیا نیشتمانییەکان و لق و نووسینگەی کۆمپانیا و دامەزراوە بیانییەکان و بریکارەکانی بازرگانی و بریکارەکانی تۆمارکردن و کەسەکان لە بەرامبەر ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشیان دەکرێت بەپێی خشتەی ژمارە (٢)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە بە ناونیشانی (کرێی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی) هاتووە کە لە (١٢) دوانزە بڕگە پێکهاتووە و بە بڕگەی ژمارە (١) (وردبینی بەڵگەنامەکان و گرێبەستی سەرجەم کۆمپانیاکان) دەست پێدەکات و بە بڕگەی ژمارە (١٢) (ئەنجامدانی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لە باڵەخانەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان) کۆتایی دێت.

هەرێمی کوردستان/عێراق | إقليم كوردستان/العراق
ئەنجومەنی وەزیران | مجلس الوزراء

٣. ڕاسپاردنی هەردوو بەڕێزان وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بەوەکالەت و سکرتێری ئەنجومەنی ئابووری بۆ پەیوەندیکردن و کۆبوونەوە لەگەڵ یەکێتیی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان بەمەبەستی دراسەکردنی هەموو ئەو یاسا و ڕێنماییانەی لە بواری وەرگرتنی ڕەسم و کرێ لەلایەن ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستاندا کاریان پێدەکرێت و داڕشتنەوەیان بە جۆرێك لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بگونجێت و ڕەچاوی تێبینی و سەرنجی تیمی بانکی نێودەوڵەتی بکرێت بە ئاڕاستەی کارئاسانی بۆ بازرگانان و کۆمپانیاکان بکرێت و تێچووی دامەزراندن و تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و دەستبەسەرداگرتنی ناوی بازرگانی گونجاو بێت لە پێناوی هاندانی کەرتی تایبەت و ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان.

٤. وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەتوانێت ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات.

٥. کار بە هیچ بڕیار و ڕێنماییەکی دارایی ناکرێت دژ بە ئەحکامەکانی ئەم بڕیارە بێت.

٦. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکەن.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

# کۆمپانیای خۆمالیەکان

| بری پارە /دینار | بابەت |
| --- | --- |
| ٥٠٠٠٠ | رەسمی تۆمارکردن |
| ٤٥٠٠ | رەسمی پول سەرمایە بۆ هەر ملیونیک دینار |
| ٥٠٠٠٠ | کرێی ووردبینی و بەلگەنامەکان |
| ٢٥٠٠٠ | کرێی بلاوکردنەوەی بریاری تۆمارکردن |
| ٢٥٠٠٠ | کرێی پشکنینی بارەگای کۆمپانیا بۆ ناو شارەکان |
| ٥٠٠٠٠ | کرێی پشکنینی بارەگای کۆمپانیا لە دەرەوەی شارەکان |